کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی کشتی سەربەخۆی کوردیە
www.kurdistannet.org
20-8-2007 3:22   بەكاتی ناوەندی ئەوروپا

# كۆمەڵگە... ئەخلاق و شتي تريش...!

سەروەر كەریم
sarwarkareem@gmail. com

(ناسینی خەڵك بەڕەفتاریەتی، نەك بە قسەكانی) ئەنگلس

قسەكردن لەسەر چەمكی ئەخلاق بۆ خۆی هەڵگری چەندین ماناو دەلالەتی جیاوازە و لە قۆناغێكەوە بۆ قۆناغێكی تر دەگۆڕێ و مانای جیاوازیش وەردەگرێ، بە تایبەت لەو كۆمەڵگایانەی كە هەموو ماناكانی ئەخلاق لە سێكسدا كورت دەكەنەوە و دەیبەستنەوە بەرگەزی مێ وە.



كۆمەڵگای كوردی، یەكێكە لەو كۆمەڵگایانەی بەشێوەی زۆر توندڕەوانە پەیوەستە بە چەمكی ئەخلاقەوە و ئەمەشی كورتكردۆتەوە بە ژنانەوە، بەمانایەكی تر هێندەی قسە لەسەر ئەخلاق دەكرێ و هەمیشە ڕێنمایی تاكەكانی كۆمەڵگا دەكرێت، كە پەیوەست بن بە چەمكی ئەخلاقەوە و ئەخلاقیان جوان بێت، هەموو ئەو گوتارانەش پەیوەست دەكەن بە ژنانەوە و ڕووی دەمیان لە ژنانە كە نابێت بە هیچ جۆرێك دەسبەرداری ئەخلاق بن.

لەلای پیاوی كۆمەڵگای كوردی ژنان خۆیان هەڵگری دنیایەك گومانن و نابێت بە هیچ شێوەیەك لە فەرمانەكانی پیاوان دەربچن، بەتایبەت ئەوەی پەیوەستە بە ئەخلاقەوە، لە كاتێكدا لەلای پیاوی كوردی هیچ شتێك نییە بۆ ژنان پەیوەست نەكرابێت بە ئەخلاقەوەو تەرازویەكیان داناوە و بە ئارازووی خۆیان هەمو ژیانی ژنانی پێدەپێون بۆ هەر كردارێك كە پیاوان بەدڵیان نەبێت مانایەكی ئەخلایان بۆ دروستكردووە وەك (لەبەركردنی جۆری جلوبەرگ و جۆری مامەڵەكردن و هاوڕێیەتی و قسەكردن.. هتد) .

ئەگەر ژنێك لەناو كۆمەڵێكدا ئازادانە قسە بكات و گوزارشت لە مافەكانی خۆی بكات، یاخود بەدەنگێكی بەرز قسە بكات، یەكسەر ئیتهامی دەكەن بەدەرچوون لە ئەخلاقیاتی باو، كە دانراوی خودی پیاو خۆیەتی، جیا لەوانەش لەلای تەواوی پیاوانی كۆمەڵگای ئێمە ژنان شەرەف و ناموسیانە و تا ئەوپەڕی توندڕەون لەو مەسەلەیەدا، بۆیە هەمیشە ژنانیان دیلكردووەو هەموو ڕێگەكانیان لێگرتوون، چونكە پیاوانی كۆمەڵگای ئێمە خاوەنی عەقلیەت و پەروەردەیەكن، ئەگەر بێت و ژنان بە ئارەزووی خۆیان خۆشەویستی بكەن و هاوڕێیەتی پیاوان بكەن و هاوسەر هەڵبژێرن، ئەوا بەدەرچوون لە ئەخلاق حسابدەكرێت و سزاكەشی كوشتنە، چونكە پیاوانی كۆمەڵگای ئێمە وای بۆ دەچن كە شەرەفیان چووەو ئەخلاقیان دۆڕاندووە و بۆ كرینەوە دەبێت كرداری كوشتن ڕووبدات، بەڵام پیاوان زۆر ئاساییە چۆن خۆیان ئارەزوو دەكەن و بڕیار دەدەن كەجۆری پەیوەندیی و هاوڕێیەتی خۆشەویستی دروست بكەن و پەیوەندیی ناجۆر و ناچیز ببەستن لەگەڵ ژناندا و هیچ باجێكی لەسەر نییە و بەدەرچوون لە ئەخلاقیش حساب ناكرێ و زۆرجار جۆرێك لە پیاوان شانازی بەوەوە دەكەن كە لەیەك كاتدا چەندین پەیوەندیی نەشیاویان لەگەڵ ڕەگەزی بەرامبەردا بەستووە بەهۆی مەكانەی سیاسی و ئابووری و داراییەوە كە دەبێتە هۆكاری بڵاوبوونەوەی چەندین نەخۆشی لەناو كۆمەڵگادا و سەرەنجامی

ئەو نووسینانەی لە كوردستان نێت دا بڵاودەكرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەكانیانە، كوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

دەبێتە مایەی ئازار بۆ ژنان، بەڵام ئەو جۆرە لە پیاوان هیچ کات ئەو کردارەی خۆیان بەدەرچوون لە ئەخلاق حساب ناکەن، لەکاتێکدا سەرچاوەی بڵاوبوونەوەی فەسادی ئەخلاقین لە کۆمەڵگادا.
تا ئەو جێگەیەی ئێمە بەو شێوەیە بیربکەینەوە کە ژنان سەرچاوەی شەرمن و سەرشۆکەری پیاوانن و سەرچاوەیەکن بۆ بڵاووبوونەوەی بەدەڕەوشتی، ئەوا بە دڵنیاییەوە لەوپەڕی دواکەوتوویدا دەژین و زۆرمان ماوە بۆئەوەی بتوانین لە چەمکی ئەخلاق تێبگەین و هەنگاو بەرەو دنیایەك بنێین کە ناوی مەدەنی و هاوڵاتی ئازادە، بەهەرحاڵ ئێستا پیاوانی کۆمەڵگای ئێمە لەڕووی کلتووری سیاسییەوە بەو شێوەیە بیردەکاتەوە دەست بەرداریشی نابێت، بۆیە دەکرێ بزووتنەوەی یەکسانیخوازیی و بزوتنەوەی ژنان زۆر بەجدیی هەوڵی شیکردنەوەی ماناو چەمکی ئەخلاق بدەن و ئەو بیرە کۆنە سواوە وەلابنێن کە ئەخلاقی پەیوەست کردووە بە ژنانەوە، ئەگەر هەوڵ نەدرێ بۆ وەلاوە نانی ئەو بیرکردنەوەیە، ئەوا ڕێژەی قوربانییەکانی چەمکی ئەخلاق لە زیادبووندا دەبێت و ئازارەکانی ژنانیش هەر بەردەوام دەبێت...

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.